# شـــــەڕی دەستوور
# ئــێمە و ئــــەوان

عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم

لەوەتەی ئیبراهیم ئەلجەعفەری و ئەنجوومەنی وەزیران سوێندی یاساییان خواردوە لەبەر دەمی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقدا و دەست بەکار بوون ، نیگەرانیی و دڵەراوکێ و گومانپەیداکردن سەرودڵی کوردستانیان و سەرکردایەتی کوردی گرتوە بە هۆی کردار و ڕەفتار و کار و چالاکییەکانی خودی سەرەک وەزیرانەوە کە بە خشکەیی و بێ گوێدانە دەوروپشت و دانانی نرخ بۆ هاوەڵەکانی لە سەرکردایەتی عێراقیدا ، بە پێی بەرنامەیەکی دارێـژراوی چڕوپڕ کاردەکات لە پێناوی چەسپاندنی بیروباوەڕ و بۆچوونە یەکلایەنەکانی خۆی کەلە دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعەدا کۆدەبێتەوە ، بەلاشیەوە گرنگ نییە زوو زوو بـێباکانە سنوور ببەزێنێ ، هەڵبەتە سەیروسەمەرەش نییە ئەگەر عەلی سیستانی و هی تریشی لەدواوە بێت .
هەنگاوەکانی ئەو زیاتر پاشگەزبوونەوە و پاشەکشەیە لە پێکهاتن و ڕێککەوتنەکانی پێشتر ، بە تایبەتی پابەندنەبوون بە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقییەوە بۆ قۆناخی گواستنەوە. ئەگەر ئەلجەعفەری لە سوێندخواردنەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا هەنگاوێک گەڕابێتەوە بۆ دواوە ، ئەوا لە ڕۆژی ئاشکراکردن و ڕاگەیاندنی بەرنامەی حکوومەتەکەیدا چەند هەنگاوێک هاتۆتە دواوە چونکە ئاماژەی بەو خاڵە گرنگانە نەکرد کە پێشتر لیستەکەیان لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەسەری پێکهاتبوون ، بە تایبەتی ڤیدرالی بۆ کوردستان ، مەسەلەی سەروەت وسامان ، کێشەی کەرکوک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و زۆریتر ، جگەلەمانە کاروکردەوەکانی ئەلجەعفەری بە گشتی هاندەرنین بۆ چارەسەرکردن و بەلاداخستنی کێشەکان لە کەشوهەوایەکی ئازادو دیموکراتدا و زیاتر ڕکەبەرایەتی و خۆبەزلزانین و خۆفەرزکردنی پێوەدیارە ، بۆ نموونە ئەو

له ماوەیەکی کورتدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی ناوە کە دۆستایەتی نێوان لیستی شیعەو کورد بەهێز ناکات و نەدەبوو بینێت وەکوو:

- ڕاگەیاندنی بەرنامەی حکوومەتەکەی بە بێئەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار بکات .
- کۆسپ خستنە بەردەم کۆمیتەی ئاساییکردنەوەی شاری کەرکوک بە سەرۆکایەتی حەمید مەجید موسی .
- فەرماندەرکردن بۆ گێڕانەوەی هەزاران ئەفسەرو پۆلیسی دەرەجەدار لە شاری کەرکوکەوە بۆ شارەکانی تری کوردستان .
- تەسریحاتی بێ سەروشوێنی ئەو لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا ، هەروەها کۆبوونەوەکردن لەگەڵ گەورەبەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا لە پشتی برادەرە کوردەکانیەوە .
- ڕاگرتنی ئەو بڕە پارەیەی تەرخان کرابوو بۆ شاری کەرکوک لەلایەن دکتۆر بەرهەم ئەحمەد سالحەوە .
- زەمینە خۆشنەکردن بۆ سەرژمێریکی گشتی لە سەرانسەری عێراقدا پێش دەستپێکردن بە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو .
- ڕێگەگرتن لەوەی کوردێک ببێتە سەرۆکی کۆمیتەی نووسینەوەی دەستوور .
- دەستنیشانکردنی وەزیری مالییەی شیعی ( عەلی عەبدو لئەمیر ) بۆ کۆنگرەی برۆکسل لە جیاتی دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح .

ئەمڕۆ گەلانی کوردو عەرەب و کەمایەتییەکانی تر چاوەروانی ئەوەن سەرلەنوێ عێراقی هەڵوەشاوەی دوای سەدام بونیات بنرێتەوە و بە پێی دەستوورێکی دارێژراوی نوێ کە گوایا!! ماف و ئەرکەکانی هەموو هاوڵاتییەک و لایە سیاسییەکان دیاری دەکات و چارەسەری کێشە ئەتنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبییەکان دەکات ، ببرێت بەڕێوە.

دەستووری هەمیشەیی لە عێراقدا کە دواتر دەبێتە دەستووری نەوەی داهاتوو ، دەستەیەک لە خەڵکی بۆ ئامادەکراوە کە پێکهاتوون لە نوێنەرانی پێکهاتە

کۆمەڵایەتییەکانی عێراق ، هەروەها کۆمەڵێک پسپۆڕی بیانی لە بوارە جیاجیاکاندا کە لە کاتی دارشتنەکەیدا پشتیان پێدەبەستن بۆ سوودوەرگرتن لە شارەزایی وزانیاری ئەوان .
بێگومان دەستە خەڵکەکە ، زۆرینەیان سەربە لیستی شیعەکانن کە ژمارەیان 28 کەسە و دوابەدوای ئەوان لیستی کوردستانی دێت کە ژمارەیان 15 کەسە ، ئینجا لیستی عەلاوی کە ژمارەیان 8 کەسە و دواتر لیستی جۆراوجۆر کە بەهەموویان 5 کەسن ، وابریارە کە ژمارەیەکی بەرچاو بۆ سوننەکان دابنێن لەسەر داوای ئەمەریکا . ئەوانە ئێستا سەرقاڵی مشتومڕ و نووسینەوەی دەستووری ناوبراون بەمەبەستی پیاداچوونەوە .
نووسینەوەی دەستوورێکی وەها بۆ عێراقێکی فرە ( نەتەوە ، مەزهەب ، ئاین ، تائیفە ) کارێکی هەروا هاسان نییە و ئەگەر بێتو کێشە سیاسی و نەتەوەیی و ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی عادیلانە نەخرێن بەلادا ، ئەوا دوور نییە عێراق بەرەوڕووی جەنگێکی ناوخۆیی ببێتەوە و بەرەو هەڵوەشاندنەوە بڕوات .
پێکهاتەی سیاسی عێراق وایکردووە کە زیاتر لە گوتارێکی سیاسی هەبێ لە گۆڕەپانی سیاسیدا و ئەگەر شیعە و سوننە و کورد و کەمایەتییەکانی تر نزیک نەخرێنەوە لەیەک و لەسەر بنەمایەکی سیاسی پێک نەیەن و کاری بۆ نەکەن و بە پەرشوبڵاوی بمێننەوە ئەوا ترسی ئەوە هەیە بونیاتنانەوەی عێراق و دارشتنی دەستوور سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ.
لیستی شیعەکان کە خاوەنی گوتاری سیاسی خۆیانن دەیانەوێ هاوپەیمانی کوردستان بکەنە پاشکۆ و لە پەراوێزدا بیانهێڵنەوە و بە گومانەوە بڕواننە کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد.
ئەوان وا ڕاهاتوون چەند بۆیان بکرێ تەمومژ بخەنە سەر کێشەکان و ڕاستییە مێژووییەکان ، فێری ئەوەن پێدابگرن و خۆیان نەدەن بەدەستەوە و چەند دەتوانن ململانێ بکەن لەگەڵ ڕاستییەکاندا و تەنافبازی بکەن بۆ ئەوەی سەرکردایەتی کورد لە شەقامێکی پان و بەرینەوە ڕابکێشن بۆ کۆڵانە تەنگەبەرو تاریکەکان و ورد ورد لە ئەهمیەتی مەسەلە چارەنووســازەکان کەم بکەنەوە و بیانگۆڕن بۆ بابەتێکی بێ نرخ و بێبایەخ و ئیتر لەوێدا کەکار لەکار ترازاوە و بەرەکەیان لە ژێر کورد دەرکێشاوەتە دەرەوە و بە پێی پەتی سەری قۆتی جێیان هێشتووە ، ئالەوێدا خۆیان بدەن بەدەستەوە و بابدەنەوە بەلای کوردا وبە کاکە کاکە دەست بگرن بەسنگەوە و ئامادەیی خۆیان پیشان

بدەن بۆ هەموو خزمەتێک و بە ئەبو فلان و ئەبو فیسار کلاو بکەنە سەری سەرکردایەتی کورد .

بەو شێوەیە لیستی شیعەکان دەیانەوێ مل بنێن بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی بێنرخی بەتاڵ و بێ مانا کە هیچ خێرێکی بۆ کورد تیانەبێت ، دەستوورێک لەوێدا هەموو دەسەڵاتەکان لە ناوەندا کۆدەکاتەوە ، واتە بە مەرکەزیکردنی دەسەڵاتەکان و بە ئیسلامیکردنی عێراق و ڕووتکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە دەسەڵاتە گرنگەکان ، لەوەی 13 ساڵە کورد لە پێناویدا تێدەکۆشێ و بۆخۆی بنیاتی ناوە .

هەڵبەتە ئەو عەقڵیەتەی بیری شۆڤێنی و توندڕەوی بەرهەم هێناوە و پێی گۆش بووە و بەرامبەرەکەی قەبووڵ ناکات ، وەکوو بێگانە و میوان حسابیان بۆدەکات لەسەر خاکەکەی خۆی ، هەمان عەقڵیەتە کە ئەمڕۆ دەیەوێ پشت بکاتە گوتاری سیاسی کورد و جارێکی تر دەرگای ناکۆکی و ململانێ دەخاتە سەرپشت وشەڕ دەفرۆشن ودەیانەوێ بمانگێڕنەوە بۆ ڕۆژە تاریکەکانی سەروەختی سەددام تکریتی .

لەم هەلومەرجە سیاسییەدا دەبێ کورد چیبکات ؟ چۆنچۆنی بەرەوپیری کێشەو گرفتەکان بچێت ؟ چۆنچۆنی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات ؟

هەرچی شەقامی کوردییە لە مێژەوە خۆی ساخکردۆتەوە لە ئاستی مەسەلە چارەنووســـازەکاندا و بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە کە ئامادە نییە هاوکاری بکات لە بونیاتنانەوەی عێراقێکی هەڵوەشاوە و تادوێنێ بەزۆر لکێنراوی شیعە و سوننە و کورد .

جەماوەری گەلەکەمان لەسەرانسەری کوردستاندا ریفراندۆمێکی نارەسمییان سازکرد و بە زۆرینەی دەنگ و ئیمزاکۆکردنەوەی نزیکەی دوو ملیۆن کوردستانیی ، ئەوەیان رەتکردەوە کە جارێکیتر خۆیان گرێبدەنەوە لەگەڵ عێراقدا و داوای ریفراندۆمێکی ڕەسمی و لەژێر چاودێری ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا کرد . لە هەمان کاتیشدا و( دوای ئەوەی بیری ریفراندۆمێکی ڕەسمی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی خرایە پەراوێزەوە ) بە پەرۆشەوە بەشدارییان کرد لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان و زۆربەیان دەنگی خۆیان دا بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ، چونکە هەڵبژاردنەکان بوو بوو بە هی شیعە و سوننە و کورد .

بەڵام سەرکردایەتی کورد ، بەداخەوە دەڵێم هەتا ئێستایش بە عەقلیەتی پێش ڕووخانی سەددام کاردەکات و زیاد لە پێویست خۆی پابەند کردووە بە دۆستایەتی و هاوڕێتی و پەیوەندییە دێرینەکانی دوێنێ و پیرێی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە ئەوروپا و ئەمەریکا و سوریا و کوردستان . کەمتر خەریکی مەسەلە چارەنووســازەکانن و زۆر شتی گرنگیان لە پەراوێزداو بە هەڵواسراوەیی هێشتۆتەوە .

ئێمە هەمووومان دەزانین کە دنیای ئەمڕۆ دنیای بەرژەوەندییە و ئەگەر بێتو بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەی کورد لە سەرووی هەموو شتەکانەوە نەبێت ئەوا کاتێک بە خۆمان دەزانین بێبەش بوین لە مافە نەتەوەییەکانمان و تووشی نووچدان و کەوتن بووین و زۆر شتیشمان لەدەست چووە . ئەوەتا بە ڕوونی و بە ئاشکرا ، دیدو بۆچوون و لێکدانەوەکانی لیستی شیعە هەر هەمووی لە خزمەتی ڕێبازی شیعەگەری و مەرجەعە ئاینییەکەیاندایە و خۆیان چۆنیان بۆ دەست بدات وەها دەکەن ، کەوابوو لە بونیاتنانەوەی عێراقێکی ئاوهادا ، لە شەڕو بەگژاچوونەوەی تیرۆر بەولاوە شتێکی تر نییە کە کوردو شیعە کۆبکاتەوە و پێکەوە گرێیان بدات ، بەتایبەتی ئەوان پاشگەزبوونەتەوە و پەیڕەوی زۆرایەتی و کەمایەتی و دەنگدان دەکەن و نایانەوێ پابەند بن بە مەبدەئی تەوافوق و واقیعی ئەمڕۆی عێراق و کوردستانەوە ، لەلایەکی تریشەوە خوانەکات پێشنیارێک بۆ سەرکردایەتی کورد بکەیت ، کە خێرا هاواریان لێهەڵدەستێت و دەڵێن : پیاوی چاک بن لێمان تێک مەدەن ! ئەوە خەتی سوورە و لەگەڵ سیاسەتی ئێمە ناگونجێ ! لەمەیاندا زلهێزەکان لێمان عاجز دەبن ! ئەمە لە بەرژەوەندی ئێمە نییە ! و..........و.......و....تاد . جەماوەری کوردستان لەو ڕاستییە گەیشتوون کە ڕەفتارو کرداری سەرکردایەتی کوردستان لە ئاستی قەوارەی سیاسی ڕووداوەکان و هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و مەوقیعی ئێستای کوردا نییە و لە ئاستێکی نزمتر لەوە دێنە پێش چاو ، ئەوەندەی لیستەکانی تر هەڵپە دەکەن ، بەرنامەو پیلان دادەڕێژن و بە خشکەیی کار بۆ خۆیان دەکەن و لە ژێرەوە خەڵکی کۆدەکەنەوە و لەسەر شانی کورد عێراق بینادەکەنەوە ، بایی ئەوەندە نوێنەرانی کورد دڵسوتاو نین و خۆیان خەریک نەکردووە .

کەس داوای لە سەرکردایەتی کورد نەکردووە خەباتی چەکداری بکەن و ماڵی کورد ویران بکەن ، کەس داوای هەنگاوی نابەجێ و خراپیان لێناکات ، کەس داوای نەکردووە ئەوان لەگەڵ ئەمەریکا و بەریتانیادا تێکیبدەن ، بەڵام ئێجگار وەهاش نا هەرچی خەڵک بیلێت ئەوان پێی دابچڵەکن و بلێن ( بۆ خاتری خوا بیبڕنەوە ! ئەوانە لێمان عاجز دەبن). لەدنیای سیاسەتدا سازشکردن ، دەست هەڵگرتن لەهەندێ داوا ، واز هێنان لە هەندێکیتر ، دواخستنی هەندێ شتی تر .....تاد ، هەن کە زۆر لە دەوڵەتان و حزبی سیاسی پەیانان بردۆتەبەر ، بەڵام بەرامبەر بە شتێک بووە نەک بە خۆڕایی و بەرامبەر بە هیچ . ئەمڕۆ کورد هەقی هەیە لە ئاستێکی بەرزدا درێژە بدات بە خەباتی مەدەنی و شارستانی خۆی بە بێئەوەی دڵۆپێک خوێن لە لووتی کەسێک بێت . ئێمە بەرامبەر بە قیرسیچمەیی و کەللەڕەقیی و بێوەفاییی و دوژمنایەتیی هەندێک ، هەقی شەرعی خۆمانە کە وەکوو ئەوانیتر پێدابگرین و خۆمان نەدەین بەدەستەوە ، بڕوام نییە ئەمەریکا و ئەوروپا و دنیای دەرەوە بە خەباتی ئاشتیخوازانەو سیاسیانەو دیپلۆماسیانەی کورد دابچڵەکن و بترسن !! ( حارث الضاري ) ـ ئەمینداری گشتی دەستەی زانایانی ئیسلام ـ کە باڵی سیاسی ئەلقاعیدە و توندڕەوەکانە ، بە ئاشکرا کاردەکات و خەڵک کۆدەکاتەوە و هێرش دەباتە سەر ئەمەریکا و لەنوێژی جومعاندا داوای چوونەدەرەوەی ئەمەریکا دەکات لە عێراقدا و پشتگیری لە ئاژاوەچییەکان و خۆکوژەکان دەکات .......

بۆچی ئەو ناترسێ و ڕۆژانە هەڕەشە دەکات ؟ ئەی بۆچی کورد بە نیوەی ئەو ناکات ؟! خەتی سوور ئەوەیە پەنا بەریتە بەر چەک هەڵگرتن و بچیت بە گژ ئەمەریکادا ، یاخود بەرنامەکانی ئەوان تێکبدەیت لە ناوچەکەدا و کۆسپ و گرفتیان بۆ ڕیز بکەیت ، هەروەکوو ئەوانیتر دەیکەن ! داکۆکی کردن لە مافەکانی خۆت بە شێوەیەکی ڕەوا و ئاشتیخوازانە هەقی کورد خۆیەتی و بە هەڕەشە لەقەڵەم نادرێت . مەهاتما گاندی ، میللەتێکی چەند سەد ملیۆنی هیندی بە مانگرتن ڕزگارکرد بەبێ ئەوەی گوللەیەک بتەقێنێ ! هەتاکەی بلێین ( ئاگرەسوورە لەخۆم دوورە) ئەمە خەتی سوورە و لەگەڵ سیاسەتی ئێمە ناگونجێ ! .

ئەمڕۆ سەرکردایەتی کورد بەرەوڕووی شەڕێکی قورس بۆتەوە، لەوێدا دەستووری نوێی عێراق سەرلە نوێ دادەڕێژرێتەوە و چارەنوسی گەلەکەمانی تێدا دیاری دەکرێ .

ئەگەربێتو سەربەرزانەو سەرکەوتوانە لێی نەیەتە دەرەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە کێشەو گومان پەیدا دەبێت لە نێوان ئەوان و جەماوەری گەلەکەماندا ، چونکە میللەت ئامادە نییە دەست بۆ ناحەزو دوژمنەکانی بەرزبکاتەوە بەرامبەر بە هیچ ، ئەوانەی بەهەموو شێوەیەک ( هەر لەئێستاوە ) دەیانەوێت لیمانی تێکبدەن و دوژمنایەتیمان لەگەڵدابکەن و دەستمان پێ بەرزبکەنەوە ...... ئێمە میللەتێکین بەلایەنی کەمەوە پێنج ملیۆن کەس دەبین ، هێز نییە پەلاماری پێنج ملیۆن بدات و لە ناوییبات ، بەتایبەتی ئەگەر پەیڕەوی خەباتی ئاشتیخوازانەو شارستانیانەی خۆمان بکەین . ئەگەر سەرکردایەتی کورد خۆی بۆ ئەمە ئامادە نەکات و سبەی ڕۆژ هەرشتێک بڵێت ، ئەوا ئەمجارەیان بە بێ سەرئێشە و بەبێ قرەوبرە و بە ئەعسابێکی زۆر ساردەوە وەڵامیان دەدەنەوە و پێیاندەڵێن ( قوربان ئێوە گەڕی بارەترێ دەکەن ، خۆتان ئیمزاتان کرد !) .
بۆیە پێویستە سەرکردایەتی کورد لەمڕۆ بەدواوە پشتئەستوور بێت بە جەماوەری گەلەکەمان و هەموو ئەو پرۆژانە ڕەتبکاتەوە کە بەزۆر دەیانەوێ بیسەپێنن و شێوەی پیلانگێڕان و پاشقولگرتنی بەخۆوە گرتووە و ڕێنەدات هیچ شتێکی خراپی تر بەسەر ئێمەدا تێپەڕێت بە تایبەتی ئێستا هەردوو یەکێتی و پارتی هەنگاوی لەبارو بەجێ دەنێن سەبارەت بە یەکخستنەوەی ماڵی کورد و بەهێزکردنی گوتاری سیاسی کورد ، دوای ئەوەی هەردولا ڕێککەوتن لەسەر هەڵبژاردنی کاک مەسعود بارزانی بە سەرۆکی هەرێم کە دەستکەوت وسەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئەمڕۆی کورد ، دەبێ پیرۆزبایی گەرمی لێبکرێت و پشتگیری بکرێت بۆ ئەوەی ئەویش لەمەودوا وەکوو سەرۆکی هەرێم ، نەک سەرۆک حزب ، ڕەفتار لەگەڵ گەلی کوردا بکات و بەرەوڕووی ئەم واقیعە سەختە ببێتەوە و چاکی مەردانەی لێبکات بەلادا بۆ بەلاداخستنی کێشەو ئاستەنگەکان لەم قۆناخە ناسکەی ئەمڕۆ گەلەکەمانی پیاتێپەڕ دەبێت و سەرکەوتن بۆ گەل و نەتەوەی کورد تۆماربکات و کەسایەتی سیاسی خۆیشی زیاتر لەوەی هەیە بەهێزبکات بۆ ئەوەی هەموو تاکێکی کورد پشتی ئەو بێت و لە خۆشی و ناخۆشیەکاندا هاودەنگی بێت .

عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم
2005/06/15